cyan magenta yellow black File: p.14-15 fl ˙ Æ˝ ” 2



# وتەیەکی سەرۆک بارزانی دەکرێت بە نامەی ماستەر

## وەرزش هیچی کەمتر نییە لە سیاسەت



بێگوومان پەیوەندیەکی زۆر گرینگ هەیە لەنێوان وەرزش و سیاسەت چونکە هەرچەندە تاکە کەسی بی بەڵام دەبێتە هۆ درووستبوونی پەیوەندی کۆمەڵایەتی ،
محەمەد یونس ئەحمەد قوتابی ماستەر دوای گوێبیست بوونی وتەی جەنابی سەرۆک مەسعود بارزانی کە لە وتارێکدا ڕۆڵی وەرزشی بەرز نرخاند کە جەنابیان گوتی: (وەرزش هیچی کەمتر نیە لەسیاسەت ) ,بەراستی ئەم وتەیە سەرنجی منی راکێشا لەبەر ئەوەی خۆم دەرچووی کۆلێژی پەروەردەی وەرزشم وە لە سلکی دبلوماسی کاردەکەم هەر لەبەر ئەم وتەی بەرێزیان بوو کەوای لە من کرد لێکۆلینەوە لەسەر ئەم بابەتە بکەم بۆ ئەوەی بیکەمە ناو نیشانێک بۆ خوێندنی ماستەر دوای ماندوو بوونێکی زۆر کە توانیم لە دەرەوەی ولات لێکۆلینەوە لەسەر وتەی بەرێزیان بکەم ,لە کۆتاییدا توانیم ناو نیشانێک دابنێین ئەویش ( رۆلی وەرزش لە بنیاتنانی سیاسی ) کە بەراستی بووە جێگەی سەرنجی سەرپەرشتیار و پسپۆڕانی وەرزشی لە دەرەوەی ولات، ئەم بابەتە لەلایەن زۆر پێشکەوتوو بوو وە زۆر بەرزیاند نرخاند دوای ئەوەی من دەستم بە خوێندن کرد لەسەر ئەم ناونیشانە بەراستی بۆ من دل خۆشکەر بوو چوونکە من وەکو کوردێک یەکەم کەسم لە (رۆژهەڵاتی ناوەراست) کە لەسەر ئەم بابەتە بخوێنم ئامانجم لەم خوێندنە ئەوەیە کەوەرزشیش لە توانای دایە کە شان بەشانی سیاسەت پەرە بەپەیوەندییەکان بدات لە ناوەو دەرەوە وە هەروەها دەتوانین هەر لەم رێگایەوە پەرە بەکەرتی ئابووری بدرێ وەک خۆتان دەزانن ئێستا وەرزش بویتە بزنس ,وە ئاشتی و ئارامی لە وڵات بەرپا بکەین بەتایبەتی لەم بارودۆخەی ئێستادا وەرزش توانای ئەوەی هەیە کە رۆلی خۆی ببینێ بۆیە داوا دەکەم لەلایەنی پەیوەندی دار کە گرینگیەکی تەواو بە وەرزش بدرێت چونکە زۆر شت هەیە بەوەرزش دەکرێ بەسیاسەت ناکرێ لەبەر ئەوە پێویستە ئەم بابەتە وە وەرزش بە تایبەتی فەرامۆش نەکرێ چونکە لەسیاسەتی سەردەمیانەدا ( وەرزش و هونەر و کلتور) پشکی شێریان بەردەکەوی واتا زۆر کاریگەرن بۆ ناساندن و پێشخستنی وڵات.



# کانتی بۆ ماوەی 3 هەفتە لە چێڵسی دادەبڕێت

راپۆرتە هەواڵەکان ئاشکرایان کرد ک نگۆلۆ کانتی یاریزانی هێڵی ناوەڕاستی هەڵبژاردەی فەرەنسا بۆ ماوەی 3هەفتە بەهۆی پێکان لەیارییەکانی یانەی چێڵسی دادەبڕێت، دای ئەوەی لەگەڵ هەڵبژاردەکەیان بەرامبەر بولگاریا تووشی پێکان بۆوە، بەگوێرەی رۆژنامەی (دایلی میل)ی ئینگلیزی کانتی تووشی پێکانێکی تون دلە ماسولکەکانی پێشەوەی بۆتەوە، کە بەهۆیەوە ئەستێرەی فەرەنسی ماوەیەکی درێژ دوور دەکەوێتەوە، ئەویش 5یاری بەلایەنی کەم لەخولی ئینگلیزی کە ئەمەش کاریگەری لەسەر هێڵی ناوەڕاستی یانەی لەندەنی دەبێت. رۆژنامەکە روونیکردەوە کە راهێنەری ئیتالی ئەنتۆنیۆ کۆنتی دەیەوێت جێگرەوەیەکی گونجاو بۆ (کانتی) بدۆزێتەوە، لەو یارییانەی کە تیایاندا ناتوانی بەشداری بکات، لەخولی پریمەرلیگ و خولی یانە پاڵەوانەکان. نگۆلۆ کانتی لەمیانی لیستی 25یاریزانە پاڵێوراوەکەی خەڵاتی تۆپی زێرینی 2017 دابوو.

# دیمبلی هەواڵی خۆشی پێیە



دەستەی پزیشکی یانەی بەرشلۆنە دووپاتیانکردەوە کە یاریزان عوسمان دیمبلی کە تووشی پێکان بۆتەوە، دانیشتە چارەسەری پزیشکی لەوکاتەی دیاریانکردبوو سەرکەوتوو بووە، دووپاتیانکردەوە کە نەخشەکانیان بەشێوەی دروست بەرێوەچوون و دیمبلی دوای ئەک مانگی تر دەست بەراکردن دەکاتەوەو دەگەرێتەوە ناو مەشقە بەکۆمەڵەکانی یانەکەی.

# فیدرێر: لادانی نادال لە لووتکەی ریزبەندی ئاسان نییە

یاریزانی تێنسی سویسری، رۆجێ فیدرێر پێی وایە، گرتنی سەرووی ریزبەندی یاریزانە پیشەگەرەکانی جیهان و شوێنگرتنەوەی یاریزانی ئیسپانی، رافائییل نادال لە کۆتایی ئەو وەرزەدا، زۆر ئەستەم دەبێت. فیدرێر کە ئێستا لە شاری شەنگهای چینییە، بۆ ئەوەی بەشداریی لە پاڵەوانیەتی پێش کۆتایی، لە چینی مامۆستاکانی خاوەن هەزار خاڵدا بکات لە ساڵی 2017وتی:"لەگەڵ تێپەڕبوونی کات شتەکان ئەستەمتر دەبن، بەڵام بۆ من هیچ کێشەیەک نییە، چونکە ئامانجم هەر لە سەرەتای وەرزەوە ئەوە نەبوو، ببمە ژمارە یەک". ئەمەو نادال دوای ئەوەی هەفتەی رابردوو، نازناوی پاڵەوانیەتی پەکینی بەدەستهێنا، زۆر لەوە نزیک بووەتەوە لە کۆتایی ئەو وەرزەدا، لە سەرووی ریزبەندی گشتی بمێنێتەوە. نادال ئێستا خاوەنی 9875خاڵە و بە جیاوازی زیاتر لە دوو هەزار خاڵ لە پێش فیدرێر دێت، کە 7055خاڵی هەیە، لەوکاتەی وەرزی ئێستا لە کۆتاییەکەی نزیک دەبێتەوە. فیدرێر کە لە هەفتەکانی داهاتوودا بەشداریی لە پاڵەوانیەتییەکانی شەنگهای، بازل، پاریس پێرسی و لەندەن بۆ مامۆستایان دەکات وتی:"کە لە پاڵەوانیەتی ئەمریکای کراوە (لە قۆناخی هەشت بەرامبەر مارتن دیل پۆترۆ) دۆڕام ئەو قسەیەم کرد، ئەوەی نادال دەیکات بەرنامەی من ناگۆڕێت، ناتوانم لە ئاستی ئێستام بەهێزتر یاری بکەم". وتیشی:"ناتوانم کۆنترۆڵی توانکانی رافا بکەم، ئەو ئاستی زۆر باشە، ئەوەش شتەکانی ئەستەمتر کردووە. هەروەها وتی:"هەموو کات ئامانجم پارێزگاریکردن لە توانای جەستەییم بووە، مانەوەم بە رەوشێکی باش، مانای وایە دەتوانم رکابەریی لەسەر بردنەوەی نازناوەکاندا بکەم".

**رەمزی میرەکانی**



# ئیسکۆ لەمردن رزگاری بوو



ئەستێرەی ریال مەدرید و هەڵبژاردەی ئیسپانیا ئیسکۆ بەشێوەیەکی سەرسام لەهێرشی هاندەرێکی ئیسرائیلی لەیاری هەڵبژاردەی ئیسپانیا بەرامبەر ئیسرائیل لە پاڵاوتنەکان رزگاری بوو. لەدوای کۆتایی هاتنی یارییەکە نزیکەی 6هاندەر هاتنە ناو یاریگاو یەکێکیان بەرەو رووی ئەستێرەی ئیسپانی چوو، کە لەرێگادا چەقۆیەکی لەدەست کەوتە خوارو پاشان پۆلیس هاندەرەکەیان دوورخستەوە. پۆلیسی ئیسرائیلی باسی رووداوەکەیان نەکرد، بەڵام رۆژنامە ئیسپانیەکان ڤیدیۆییەکیان بڵاوکردەوە کە تیایدا دەردەکەوێت هاندەرێک هێرش دەکاتە سەر ئیسکۆ بەڵام لەرێگادا چەقۆیەکەی لەدەست دەکەوێتە خوار. رۆژنامە ئیسرائیلییەکان دووپاتیانکردەوە کە هاندەرەکە لەمیانی هێرشکردە سەر ئیسکۆ لەرێگادا چەقۆیەکەی لەدەست کەوتۆتە خوار، چاوەڕێ دەکرێت بەهۆی ئەم رووداوە یەکێتی تۆپی پێی ئیسرائیلی لەلایەن یەکێتی تۆپی پێی جیهانی(فیفا ) سزا بدرێت.